گوڤارا ئەکادیمی یا زانکویا نەوروز (المجلة الأكاديمية لجامعة نوروز)، پ.١٣ ژ. ٢، ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر ©2017. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الايداعي النسبي – CC BY-NC-ND 4. 0.
e-ISSN: 2520-789X
https://doi.org/10.25007/ajnu.v13n2a1471

# وێنە و وێنا لە شیعری کوردیدا

حکیم انور ابراهیم، کۆلێژی زمان، زانکۆی صلاح الدین،کوردستان، عیراق

پ.د.ئیدریس عبداللە مستەفا، کۆلێژی زمان، زانکۆی صلاح الدین،کوردستان، عیراق

**پوختە**

مرۆڤ هەر لە زووەوە مەیل و حەزی بۆ وێنە هەبووە، وێنەی کردووە بە ئامراز و وەسیلەیەك تاوەکو هەست و بیرەکانی خۆی بگەیەنێت بە بەرامبەر، بۆیە دەبینین مرۆڤی سەرەتایی هەر لە ژیانی ناو ئەشکەوتەوە، وێنەی لەسەر دیواری ئەشکەوتەکاندا کردووە، کاتێك ویستویەتی بیر یان پەیامێك بگەیەنێت ئەوا پەنای بۆ وێنە بردووە.

وێنە لە شیعردا گرنگییەکی زۆری هەیە، کۆڵەگە و کرۆکی هەموو دەقێکی شیعرییە، جوانی و دەربڕینێکی ڕازاوە بە شیعر دەبەخشێت، هەرچی وێنایە، وێنەیەکی هۆشەکییە، دوای بیرکردنەوە لە ڕووداوێك یان هەڵسوکەوتی کەسێك یان لە خوێندنەوەی بۆ واقیع و بارودۆخێك لە هۆشی خاوەنەکەیدا دروست دەبێت.

توێژینەوەکەمان لە پێشەکی و دوو بەش پێکهاتووە و لە کۆتاییدا بە چەند ئەنجامێك گەیشتووین، لە چەند خاڵێك خراونەتەڕوو، دواتر لیستی سەرچاوەکان دانراوە.

**کلیلە وشەکان:** وێنە، وێنا، وێنەی واقیعی، وێنەی خەیاڵی، وێنای ئەدەبی

---

## 1. پێشەکی

وێنە گرنگییەکی زۆری لە نێو دەقی شیعرییدا هەیە، بە شێوەیەك هەر دەقێکی شیعری سەیر بکەین ئەوا چەندین وێنە لە خۆ دەگرێت، وێناش لە شیعردا بایەخێکی زۆری هەیە، لەبەر ئەوەی بەهۆی ئەو وێناکردنانەی شاعیران دەیکەن، دەکرێت شارستانیەتێکی گەورەی پێشکەوتوو و ژیارێکی بەرز بنیات بنرێت.

هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشان: هەڵبژاردنی ئەو ناونیشانە پەیوەندی بەوە هەیە، لە لایەك وێنە گرنگییەکی یەکجار زۆری لە ناو دەقی شیعریدا هەیە، لە لایەکی تریشەوە ئەوەی تا ئێستا ئاگادارین کار لەسەر زاراوەی وێنا و بایەخی وێناکردن و جیاوازی و لێکچوون لە نێوان وێنە و وێنا نەکراوە، ئێمە هەوڵمانداوە لەو توێژینەوەیەدا باسیان بکەین.

سنووری توێژینەوەکە: دەستنیشانکردنی زاراوەکانی وێنە و وێنایە لە فەرهەنگی ئەدەبییەوە.

ئامانجی توێژینەوەکە: خستنەڕووی وێنە و وێنایە، خستەڕووی گرنگ و بایەخی وێنەیە لە کاری ئەدەبیدا و هەروەها خستنەڕووی بایەخی وێنایە بەوەی، کە ئایا دەکرێت وێناکردن لە ئەدەبدا ڕۆڵی هەبێت لە پێشخستنی کۆمەڵگا و بەهۆیەوە کۆمەڵگا لەسەر هەردوو ئاستی تاك و نەتەوە بتوانێت ڕوانینی بۆ چارەسەری کێشەکان هەبێت و وێناکردنەکان بکات بە هۆکارێك بۆ پێشکەوتن و چارەسەکردنی کێشەکان.

مێتۆدی توێژینەوەکە: توێژینەوەکەمان پاڵپشتە بە ڕێبازی وەسفی شیکاری.

پێکهاتەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکەمان لە پوختە و پێشەکی و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە.

بەشی یەکەممان دابەشی سەر دوو تەوەرە کردووە، ئەوانیش: (تەوەری یەکەم: پێناسەی وێنە، تەوەری دووەم: وێنەی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا، بەشی دووەمیشمان دابەش کردۆتە سەر شەش تەوەر، ئەوانیش: (تەوەری یەکەم: پێناسەی وێنا، تەوەری دووەم: پێناسە و بۆچوونی هەندێك لە فەرهەنگ و لێکۆڵەران سەبارەت بە وێنا، تەوەری سێیەم: جیاوازی نێوان وێنە و وێنا، تەوەری چوارەم: لێکچوونی نێوان وێنە و وێنا، تەوەری پێنجەم بایەخی وێناکردن لە ئەدەبدا، تەوەری شەشەم: وێناکردن لە ئەدەبی کوریدا)، پاشان گرنگترین ئەو ئەنجامانەمان خستۆتەڕوو، کە لە توێژینەوەکەماندا پێی گەیشتووین، لەگەڵ دانانی لیستی سەرچاوەکان.

### 1. بەشی یەکەم: وێنە

مرۆڤ هەر لە کۆنەوە حەز و ویستی بۆ وێنە هەبووە، وێنەی کردووە بە ئامرازێك تاوەکو هەست و بیرەکانی خۆی بگەیەنێت بە کەسانی تر، ئاشکرایە، مرۆڤی سەرەتایی هەر لە ژیانی ناو ئەشکەوتەوە، وێنەی لەسەر دیواری ئەشکەوتەکاندا کێشاوە، کاتێك ویستویەتی بیر یان پەیامێك یان بۆچوونێکی بگەیەنێت، ئەوا پەنای بۆ وێنە بردووە و وێنەی کردووتە ئامرازی گەیەنەری بیر و هەستەکانی بە کەسی بەرامبەر.

### 1.2. پێناسەی وێنە

**یەکەم: لە رووی فەرهەنگەوە:**

پێش ئەوەی باسی ئەوە بکەین، کە وێنە لە رووی زاراوەوە بە واتای چی دێت، باس لەوە دەکەین، کە لە رووی زمانییەوە، لە فەرهەنگەکاندا بە مانای چی هاتووە.

لە فەرهەنگی کاوە، کە فەرهەنگێکی فارسی ـ کوردییە (صورت) بە واتای «وێنە، نیگار، بیچم ، دەموچاو، روومەت، دیمەن، روخسار» (شوانی 2007، 289) هاتووە.

لە فەرهەنگی زانستگای کوردستان کە فەرهەنگێکی کوردی ـ کوردییە، وێنە زیاتر بە ماناکانی:«عەکس ، رسمی کە بە کامیرا گیراوە،، شێوە...» (رۆحانی 2020، 2906) هاتووە.

**دووەم : لە رووی زاراوەوە:**

وێنە ئەو دیمەنەیە کە چاو دەیبینێت، دیمەنەکە بە شێوەیەکە، ئەوەی لە چاودا هەیە، دەگوازرێتەوە بۆ مێشك و مێشکیش وەك وێنە پەخشی دەکات. وێنە لە «زاراوەی (image) لە وشەی (imagination) وەرگیراوە، بە واتای ئەندێشە و دێت» (شارەزا 1997، 15)

کۆنترین وتە و تێکست سەبارەت بە باسکردنی وێنە هەبێت، دەکرێ ئەو وتەیەی شاعیری گەورەی یۆنانی (سیمۆندس 556 ـ 468 پ.ز) بێت، کە دەڵێ:«شیعر وێنەیەکی دەنگدارە و وێنەش شیعرێکی بێ دەنگە»(مکاوي 1987، 13).

زاراوەی وێنە پێگەیەکی گرنگی لە لێکۆڵینەوەکاندا داگیرکردووە و لە لایەن رەوانبێژان و رەخنەگرانی کۆن و نوێ گرنگییەکی زۆری پێدراوە، هەرچەندە بیروڕای جیاوازیان هەیە لەسەری، بەڵام زۆربەیان کۆکن لەسەر ئەوەی، کە زاراوەی وێنە بە داهێنانی شیعری پەیوەستە.

هەندێك لە رەخنەگران لە چوارچێوەی گرنگی دان بە وێنەدا دەڵێن: «شیعر نابێتە شیعر تەنیا بە وێنە نەبێت» (عبدالله 2008، 11)، ئەمەش بە واتای ئەوەی ئەگەر شیعر وێنەیەکی هونەری جوانی تیا نەبێت، ئەوا بە شیعر ئەژمار ناکرێت، کەوایە ئەگەر شیعر داهێنراوێکی ئەدەبی دانسقە و دەگمەن بێت، ئەوا کرۆك و ناواخنی ئەو داهێنراوە وێنەیە.

وێنە لە شیعردا بریتییە لەو بنەما و سیما گرنگەی، کە شاعیر لە رێگای خەیاڵ و هەستەکانی خۆیەوە لە رێگای وشەکانەوە دەیانخاتەروو، جا وێنەکە، وێنەیەکی واقیعی بێت و شاعیر وەریگرتبێت و تێکەڵ بە هزر و هەست و خەیاڵەکانی خۆی کردبێت، یانیش وێنەکە هەڵقوڵاوی سەرچاوە خەیاڵییەکانی خۆی و هەست و دەروونی خۆی بێت، لە چوارچێوەی زمانێکی هونەری بەرزدا و لە شێوەی تابلۆیەکی هونەری ناوازەدا بیانخاتەڕوو.

بێگومان بەکارهێنانی وێنە لە شیعردا پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە، بەڵام لە رووی بەکارهێنانیدا جیاوازی لە شیعری کۆن و شیعری نوێدا هەیە، تەنانەت ئەم جیاوازییە لە شاعیرێکیش بۆ شاعیرێکی تر بوونی هەیە.

رەخنەگرانی کۆن و نوێ کۆکن لەسەر گرنگی وێنەی هونەری لە پرۆسەی ئەدەبیدا و جەختیان کردۆتەوە لەسەر رۆڵ و پێگەی وێنە لە دەربڕینی هزر و بیری ئەدیب، بۆیە ئێمە دەتوانین بڵێین وێنە تاکە رێگای ئەفراندن و بنەمای هەموو کارێکی هونەرییە.

«وێنە لە شیعردا شێوەیەکی هونەرییە، کۆمەڵێك وشە و دەربڕین لە خۆدەگرێت، دوای ئەوەی شاعیر لە چوارچێوەی بنیاتێکی هونەری تایبەت دایدەرێژێت، بۆ گوزارشت کردن لە لایەنێك لە لایەنەکانی ئەزموونی شیعری» (محمد 1990، 19)، شاعیر پەیوەندییەکی دروست لە نێوان وشەکان و واتای و مۆسیقای شیعرەکە دروست دەکات و پێکەوە دەیان بەستێتەوە و وێنەیەکی جوانیان لێ دروست دەکات، کەوابێ وێنە»ئامرازێکی هونەری شاعیرە، گوزارشت لەو ئەزموونە هونەرییە دەکات کە هەیەتی، بەهۆی وشە و دەربڕینەکان کۆمەڵێك دیمەنی ژیانی واقیعی» (موسی 2008، 25)، یان کۆمەڵێك دیمەنی نێو خەیاڵە هونەرییەکانی خۆی دەنەخشێنێت.

بنەمایەکی سەرەکییە لە کاری هونەری، شاعیر دەتوانێت ئەزموونی شیعری و سۆز و هەستەکانی تیایدا دەربڕێت، گرنگیەکەی لەوەدایە جوانی و دەربڕینێکی رازاوە بە شیعر دەبەخشێت و کاریگەری لە دەروونی وەرگردا دروست دەکات و وای لێ دەکات کاردانەوەی هەبێت، بەمەش هەستەکانی وەرگر دەوروژێنێت.

پەیوەست بوونی وێنە بە شیعرەوە بە جۆرێکە ئەگەر «هەموو هونەرێك هۆکارێکی هەبێت، ئەوا هۆکاری بوونی شیعر وێنەیە، کە لە پەیوەندییە ناوەکیەکانەوە دروست دەبێت، کە ئەویش پەیوەستە بە خەیاڵ» (الملكي 2006، 164)

کەوایە وێنە بنەما و کۆڵەگەی هەموو بەرهەمێکی ئەدەبییە بە گشتی و شیعرە بە تایبەتی، یەکێکە لەو ئامرازە گرنگانەی شاعیر پەنای بۆ دەبات بۆ دەربڕینی کۆمەڵێك واتای قوڵی مانادار.

جێی باسە هەر نوسەرە و بە جۆرێك باس و پێناسەیان بۆ وێنە کردووە، هەموویان جەخت لەسەر گرنگی بوونی وێنە دەکەنەوە لە کاری ئەدەبیدا.

سارتەر وێنە بە دوو شێوە پێناسە دەکات، ئەویش «یەکێکیان وێنەی ڕاستەقینەیە، کە سیستەمی هۆشیاری ئێمە بەشداری کردووە لە گرتنی و دەتوانین بە شێوەیەکی هۆشیارانە وێنەی بکێشین، هەروەها وێنەیەکی تر هەیە، خەیاڵی داهێنەرەکە دروستی دەکات، ئەوەش لە داهێنانی هونەریدا بڵاوە» (یونس 2002، 12)

لێرەدا دەردەکەوێت سارتەر لە یەکەمیان باس لەو جۆرە وێنەیە دەکات کە ڕۆژانە ئێمە بە چاوەکانمان دەیبینین، ئەوەی دووەمیش مەبەستی لەو وێنەیەیە کە لە کاری هونەریدا دەیبینین.

(دیلان تۆماس) دەڵێ: «ئەو دەقەی، کە دەینووسم پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر لە وێنە هەیە، لەبەر ئەوەی چەقی دەق زۆری وێنەیە» (امین 2000، 8)

درایدن دەڵێ: «وێنە نەمری و ژیانی شیعرە» (عومەر 2015، 92)، ئەوەش بە واتای ئەوەی، دەق چەند وێنەی زۆری تیا بێت، ئەوا قوڵی و جوانی دەقەکە زیاتر زەق دەکەنەوە.

(احمد دهمان) دەڵێ: «وێنەی شیعری پێکهاتەیەکی عەقڵی و سۆزداری ئاڵۆزە، گوزارشت لە ناخی شاعیر دەکات و هەستەکانی لەخۆ دەگرێت، لە ڕێی تایبەتمەندی ڕەمزەوە هەوڵی دۆزینەوەی مانایەکی قوڵ دەدات، بەشێکە لە ئەزموونی شیعری، لەبەر ئەوە هەر وێنەیەك لە ناوەوە ئەرکێکی دیاریکراو دەبینێت» (1986، 367)

کەوایە احمد دهمان هەر سێ لایەنی وێنە و عەقڵ و سۆز بەیەکەوە دەبەستێتەوە و لێکیان جیاناکاتەوە و پێی وایە هیچ کامێکیان ناتوانن دەستبەرداری ئەوەی تر بن و هەر سێکیان پەیوەندییەکی پتەویان بە یەکەوە هەیە.

هەروەها دکتۆر (عزالدين اسماعيل) دەڵێ: «وێنە ناواقعییە، ئەگەرچی لە واقیعیشەوە وەرگیرابێت، لەبەر ئەوە وێنە پێکهاتەیەکی وێژدانییە و لە کرۆکدا سەر بە جیهانی وێژدانە، زیاتر لەوەی، کە سەر بە جیهانی واقیع بێت» (سلمان 2011، 7)

دکتۆر عزالدین پێی وایە، وێنە لەگەل واقیع یەکانگیر نابێت و شتێکی خەیاڵییە، و گوزارشت لە راستی ناکات و پەیوەندی بە وێژدانی شاعیرەوە هەیە، ئەو بۆچوونەی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ناوبراو لە ژیانیدا زۆر کاریگەر بوو بە مێتۆدی ڕەخنەی دەروونناسی، هەر بۆیە لە پێناسەی وێنەدا بەو لایەدا دەچێت، کە وێنە پەیوەندی بە هەست و هەڵچوون و سۆز و خەیاڵی ئەدیبەوە هەیە.

هەروەها (جابر عصفور) لەبارەی وێنەوە دەڵێ: «وێنە ڕێگایەکی تایبەتە لە ڕێگاکانی دەربڕین، یان ڕوویێکە لە ڕووەکانی گوزارشت کردن، گرنگییەکەی لەوەدا دەردەکەوێت مانایەکی قوڵ و واتاداری هەبێت» (عصفور 1981، 323)، ئەو بۆچوونە، ئەوە دەردەخات، کە وێنە وەسیلەیەکی زۆر گرنگە بە دەست ئەدیبەوە، بەهۆیەوە وا دەکات دەقە ئەدەبیەکەی لەڕووی کاریگەری و بەهێزییەوە بگاتە ترۆپکی جوانی، ئەویش بە بەکارهێنانی ئەو ڕێگا دەربڕینە تایبەتەی کە وێنەیە، بەهۆیەوە سەرەنجی وەرگر ڕابکێشێت.

دکتۆر ئیدریس عبدالله دەڵێ: وێنە «لە سادەترین پێناسەیدا دروستکردنی وێنەیە بە وشە،.. بۆچوونێکی هەستییە لە بونیادی فیکری شاعیر، یان ئەدیب، لە ڕێگای واتا زمانی و بارە دەروونی و توانا هونەرییەکان ئاشکرا دەبێت..» (عەبدوڵلا2021، 48).

مرۆڤ ڕۆژانە چەندین وێنە و دیمەنی سەرنجڕاکێش دەبینێت، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم ئەو وێنە و دیمەنانەی بیردەچێتەوە، بەڵام ئەدیب بە هەستێکی قوڵەوە دەڕوانێتە ناو ناخی شتەکان، بۆیە دەبینین ئەدیب ئەو دیمەن و وێنە واقیعیانە تێکەڵ بە هەست و سۆز و خەیاڵی خۆی دەکات، دواجار هەموو ئەو خەیاڵ و توانا داهێنەریەی ئەدیب وێنەیەکی بەرزی جوان دروست دەکەن و زمانێکی بەرز بە دەقەکە دەبەخشن، بێگومان ئەمەش شیعرییەت بەرهەم دەهێنێت و کاریگەریەکی جادوویی دەکاتە سەر ئەندێشە و هەست و فیکری خوێنەر، ئەمەش چونکە یەکێك لە جوانی و بەرزی هەر دەقێکی ئەدەبی ئەوەیە بە شێوەیەکی کاریگەر و جوان لە ڕێگای وێنەوە شوێنپەنجەی خۆی لەسەر دەروون و هەستی خوێنەر جێبهێڵێت.

لە مێژووی پەرەسەندنی وێنەی هونەریدا، تێگەیشتن لە چەمکی وێنە بە پێی کۆن و نوێ جیاوازی هەیە، وێنەی هونەری لە ڕەخنەی کۆندا لە چوارچێوەی ڕەوانبێژی و خوازە و لێکچواندن سنووردار کرابوو، زیاتر ئەرکی ڕازاندنەوە و جوانکاری دەبینی، بەڵام تێڕوانینی ڕەخنەی نوێ، وێنەی شیعری لەو چەمکە ڕەوانبێژییە کۆنەدا تێپەڕاند و

گرنگییەکەی بەرز کردەوە.

بۆیە دەبینین لەپاڵ وێنەی ڕەوانبێژی «دوو جۆری تریش هەن، ئەوانیش وێنەی هونەری و وێنەی هزرین، هەر سێ جۆر بەیەکەوە ئاراستەیەکی تایبەت لە خۆ دەگرێت لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نوێدا» (نور 2010، 35)

کەوایە لە ڕەخنەی نوێدا وێنەی هونەری تەنیا لە وێنەی ڕەوانبێژیدا کورت نابێتەوە، بەڵکو بە کۆمەڵێك وشە و دەربڕینی جوان و دەستەواژەی سەرانجراکێش وێنەیەکی جوانی خەیاڵی کاریگەر دروست دەکات، هەروەها ڕەخنەی نوێ گرنگییەکی یەکجار زۆر بە خەیاڵ دەدات و تیایدا ئەدیب «خەیاڵ وەك توخمێکی بنەڕەتی شاعیر لە ڕێگای هەستەکانیەوە دەردەبڕێ» (شعیب 2018، 22) و لە ڕێگای خەیاڵەوە وێنەیەکی بەرزی هونەری دروست دەکات، گرنگی خەیاڵ لە پرۆسەی بنیاتنانی وێنەدا بە شێوەیەکە، دەتوانین بڵێین خەیاڵ بنەما و کرۆکی هەموو وێنەیەکە، هەر ئەو خەیاڵە جوانەیە وا دەکات ڕۆڵێکی گەورە لە دروستکردنی وێنەی شیعریدا بگێڕێت و شاعیر وێنەکە لە چوارچێوەیەکی بەرزدا دابڕێژێت.

ڕەخنەی نوێ گرنگی زۆر بە وێنەی شیعری دەدات، چونکە بوونی هەر وێنەیەك لە شیعردا مانایەکی زیاتر دەبەخشێت بە شیعرەکە و لێکدانەوەی زیاتر بۆ تێکستەکە زیاد دەکات و قوڵی و بەرزی تێکستەکە دەخاتەڕوو.

هەروەها ڕەمز و دەربڕینی شاراوە و ئەفسانە پانتاییەکی گەورەی بنیاتی وێنەی شیعری نوێ داگیر دەکەن، وێنە پەیوەندییەکی پتەوی بە ناوەڕۆکەوە هەیە و زیاتر بۆ گوزارشت کردن و دەربڕینی پەیامی مەبەستدار و تێگەیشتن لە ناواخنی شیعرەکە بەکاردێت، ئەمەش وایکردووە کە شیعری نوێ تەم و مژی و ئاڵۆزی تیا بێت، بۆیە دەبینین زۆرجار لە ڕێگای کردنەوەی کۆدەکانی وێنەکە، تەواوی لێکدانەوە و واتاکانی دەقەکە خۆیان بە دەستەوە دەدەن.

بەهای گەورەی وێنەی هونەری لەوەدایە کە کاریکات بۆ ڕێکخستنی ئەزموونی مرۆڤایەتی و نیشاندانی کاری چاکە، ئەدیب ئەو وێنە هونەریە لە سوودی مرۆڤایەتیدا و لە چوارچێوەی ناوەڕۆکێکی بەسوود دابڕێژێت.

### 2.2: وێنەی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا

وەك باسمان کرد وێنە پێگە و ڕەگەزێکی سەرەکی شیعرە، ئەدەبی کوردیش بە تایبەت شیعر پڕیەتی لە هەموو جۆرەکانی وێنە، لە خوارەوە هەندێك لە نموونەی چەند شاعیرێك دەهێنینەوە.

1ـ (سالم) یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لە شیعرەکانیدا وێنەی بەرز و جوانی دەربڕیوە، لە شیعرێکدا دەڵێ:

لەگەڵ من جەوری خۆت کەم بوو، ڕەقیبیش بوو بە هەمرازت

دەخیل فیرعەونی عەسری خۆت، مەکە سا گوێ لە هامانت (مودەریس، عەبدولکەریم و مەلا کەریم 2015، 210)

لەو شیعرەدا شاعیر وێنەیەکی جوانی پڕ ئازار نیشان دەدات و دەڵێت: سزا و ئێش و ئازار و دەردەسەریت بەرامبەر من هێشتا کەم بوو، کە بەدکاریشت بوو بە هاوڕازت و بەدکاریشت کردە هاوڕازی خۆت و تا سزا و ئێش و ئازاری منی بۆ باس بکەی، تۆ کە خۆت فیرعەونی سەردەمی خۆتی، هێندە، بێ بەزەیی و ستەمکاری، چ پێویست دەکات ڕەقیب بکەی بە هاوڕازت، کە تۆ بە وێنەی فیرعەوت ستەمکاریت و هەموو ڕێگایەکی سزا و ئازار دەزانیت، چ پێویست دەکات گوێ لە هامان بگریت و ڕاوێژکاریت بۆ بکات و ڕاوێژی پێ بکەیت، چواندنی یار بە فیرعەونی سەردەمی خۆی لە لایەك و لە لایەکی تریش چواندنی ڕەقیب بە هامان، کە وەزیر و ڕاوێژکاری فیرعەون بووە، وێنەیەکی جوان و بەهێزی دروست کردووە.

2ـ تاهیر بەگی جاف دەڵێ:

ڕەفیقان تا گرفتاری نیاز و نازی دولبەر بم

لە تەختەی نەردی غەمباری، دەبێ وا بەندی شەشدەر بم (پاوەیی، عوسمان خەیات و نەریمان 2021، 99)

شاعیر وێنەیەکی خەمگینمان نیشان دەدات و دەڵێ: هاوڕێیان و دۆستانم تا من بە دەست نازی دولبەرەوە گرفتار بم و ئەسیری نیاز و نازی بێ کۆتایی ئەو بم، کە هەمیشە نازم بەسەردا دەکات و هەر جارە و بە نازێکەوە گرفتارم دەکات، ئیتر من هەمیشە غەمبار و خەمگین و بێ کەس دەبم، وەك چۆن کەسێك لە تاوڵەکردندا هەر شەش لای لێ گیرا بێت و هیچ دەربازبوونێکی نەبێت و دەستەوەستان دابنیشێت و نەزانێت، کە چی بکات و هیچ ڕێگایەکی ڕزگاریشی نەبێت، منیش تا گرفتاری داوی نیاز و نازکردنی

یارەکەم بم، هەر بەم شێوەیە لە حاڵی غەمباریدا هیچم پێ ناکرێت و دەبێت دەسەوەستان بم.

شاعیر وێنەیەکی سەرنجڕاکێشی نەخشاندووە، دەستەواژەی (تەختەی نەردی غەمباری) لێکچواندنێکی بەهێز و جوانە، شاعیر دەڕی بڕیوە و بەهۆیەوە وێنە شیعرییەکەی جوانتر کردووە.

3ـ گۆرانی شاعیر لە گەشتنامەی هەورامان چەندین وێنەی لە شێوەی تابلۆی زۆر جوانمان دێنێتە پێش چاو و دیمەنی جوان و قەشەنگ و سەرنجڕاکێش لە شێوەی تابلۆیەکی هونەری زۆر جوان نیشان دەدات، کە هەمووی سەرچاوەی واقیعی سروشتە جوان و دڵڕفێنەکەی هەورامانە.

جۆگەی ئاوەکان تیایا قەتیسماو

هەر ئەڕۆن ناکەن پێچی شاخ تەواو (مەلا کەریم 1980، 127)

گۆرانی شاعیر  وێنەیەکی دڵگیر و جوانمان نیشان دەدات ، کە باسی جۆگە ئاوەکان دەکات، هێندە دووردودرێژ و دڵڕفێنن، مرۆڤ تیایدا قەتیس دەبێت و ون دەبێت و هەر تەواو نابن، وێنەیەکی هێندە جوان و بەهێزە، خوێنەر ڕاستەوخۆ ئەو دیمەنەی دێتە پێش چاو، بێگومان هەورامان بەو هەموو جوانی و قەشەنگییەی هەیەتی، کە مەگەر بەس گۆران بتوانێت دیمەن و وێنە جوان و بەرز و قەشەنگەکانی وەسف بکات.

4ـ شێرکۆ بێکەس: یەکێکە لە شاعیرە بەتواناکانی لە وێنەی شیعریدا دەستێکی باڵای هەیە، وێنەی شیعری لای شێرکۆ وێنەیەك نییە هەمان وێنەی قۆناغەکانی پێش خۆی بن، بەڵکو بە توانایەکی زۆرەوە کاری لەسەر هەموو جۆرەکانی وێنە کردووە:

شاعیر لە شیعرێکیدا دەڵێ:

کازیوە بوو

بە تەنیا هەر

کەلەشێرێ چاوی لێبوو

کچەی عاشقی ناو گوندیان

لە بنەبانی کادانێ!

چۆن سەربڕی

بۆیە ئەویش

گەڕایەوە بۆ کولانە و

مانی گرت و بڕیاریدا

بەیانیان ئیتر نەخوێنێ! (بێکەس 2008، 3)

ئەو وێنەیە، وێنەیەکی واقیعی کۆمەڵگای کوردییە، زۆرجار ڕەگەزی مێ دەبێتە قوربانی و بە شێوەیەکی دڕندانە دەکوژرێت، شاعیر لەو شیعرەدا وێنەیەکمان نیشان دەدات، لە بەرەبەیاندا، هەر تەنیا کەلەشێرێك چاوی لێ بووە و بینیویەتی، ئەو کچەی کە هەڵە و تاوانەکەی تەنیا هەر عاشقبوونی بووە، چۆن لە بنەبانی کادانێ، کە شوێنی بەخێوکردنی ئاژەڵانە، بێ بەزەییانە سەربڕیوە، ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە کاریگەری گەورەی لە کەلەشێرەکە کردووە، دوای ئەو ڕووداوە ئیتر بڕیاریداوە هیچی تر بەیانیان نەخوێنێت، بێگومان ئەوە وێنەیەکی پڕ ئازاری دڵتەزێنە، کە ئەو ڕووداوە کاریگەری لە ئاژەڵێك کردووە و تاساندوویەتی، وەلێ مایەی داخە، مرۆڤ بەو هەموو عەقڵەی، کە خودا پێی بەخشیوە ، تاوانێکی وەها بکات.

5ـ پرۆفیسۆر دکتۆر وریا عومەر ئەمین لە شیعرێکدا وێنەیەکی جوان نیشان ئەدات و دەڵێ:

ئەی مناڵیم..ئەی بەهەشتە زەوتکراوەکەم

ئێستاش بە کوڵ بۆت ئەگریم و شینت بۆ ئەکەم (امین 2007، 16)

شاعیر وێنەیەكی خەمگینی نیشانداوە، منالی خۆی بە (بەهەشتی زەوتكراو) دەچوێنێ و ڕوو لە تەمەنی منداڵی دەكات و پێی دەڵێت، كە بە كوڵ فرمێسكت بۆ دەرێژم و بیرت دەكەم و هەست بە پەرێشانی دەكەم كاتێ تۆم بیردێتەوە. لە ڕاستیدا تەمەنی منداڵی ئەو قۆناغ و سەردەمەیە، كە مرۆڤ یادگاری و بیرەوەرییەكی زۆری لەگەڵیدا هەیە، ئەو بیركردن و حەزكردنە بۆ گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی، لە لایەك پەیوەندی بەوەوە هەیە، مرۆڤ لە كاتێ منداڵی خەمەكانی تەنیا لە چوارچێوەی ئەنجامدان و بەدەستهێنانی یارییەكان و بەسەربردنی كاتێكی خۆش و بەسەربردنی كاتەكانی لەگەڵ هاوتەمەنەكانی دەكاتەوە، كاتێ مرۆڤ تەمەنی هەڵدەكشێ ئیتر خەم وەك نەمامێك لەگەڵ تەمەنی منداڵیدا گەورە دەبێت، كاتێكیش گەورە دەبێت خەمەكانیشی زۆر و زیاد دەبن، لە لایەكی تریشەوە مرۆڤ كاتێك بیری سەردەمی منداڵی دەكات پەیوەندی بەوە هەیە، بیری كۆمەڵێك لە ئازیزانی دەكات، كە لە ژیاندا نەماون و وابەستەی سەردەمی منداڵی ئەون و بیری ئەو یادگاری و كاتە خۆشانە دەكات، كە لەگەڵ ئازیزانی بەسەری بردوون و سەردەمی منداڵی خۆی بەسەردەم و كاتە زێڕینەكانی خۆی دەزانێت، هیوا دەخوازێت ڕۆژێك لە ڕۆژان بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی، تا بە ئازیزانی شاد بێتەوە، شاعیر وێنەیەكی خەمگین و سەرنجڕاكێشی نیشانداوە، بەوەی هێندە بیری سەردەمی منداڵی خۆی دەكات، بە كوڵ بۆی دەگرێت و هەركات بیری بكەوێتەوە شینی بۆ دەكات.

## 2. بەشی دووەم: وێنا

مرۆڤ بونەوەرێكە بەردەوام لە پەیوەندی دایە لەگەڵ ئەو ژینگەیەی كە تیای دەژی، بۆیە وەك بونەوەرێك هەردەم پێویستی بەوە هەبووە و هەیە، كە تەسەوڕ و وێناكردنی هەبێت بۆ هەڵسوكەوت و ڕەفتار و واقیع و بابەت و ژیانی خۆی و كەسانی تر، ئەمە بۆ ئەوەی یارمەتی بدات، كە بە پێی ئەو وێناكردنانەی دەیكات بتوانێت خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ئەو ژینگەیەی تیایدا دەژی. وێناكردن كاریگەرییەكی قوڵی هەیە لەسەر كارلێككردن و دەرئەنجامەكان سەبارەت بەو شتەی، كە كەسی وێناكەر وێنای دەكات.

### 1.3: پێناسەی وێنا

وێنا: وێنەیەكی هۆشەكییە، دوای بیركردنەوە لە ڕووداوێك، یان لە هەڵسوكەوتی كەسێك، یان لە خوێندنەوە بۆ واقیعێك، لە زەینی خاوەنەكەیدا باڵ دەكێشێت، دروستی و نادروستی و وەدیهاتن و وەدینەهاتنی، پەیوەندی بە كۆمەڵێك هۆكارەوە هەیە، لەوانە:

1ـ پێشهاتەكان: زۆرجار هەندێك پێشهات دێتە پێش، لە چاوەڕوانی كەسدا نەبوون، بێگومان كاریگەری دەبێت لەسەر تێكدانی ئەو وێنایەی پێشتر بۆ شتەكان دروست كرابوو.

2ـ قەدەر : چونكە مرۆڤ لەسەر باری ئێستای شتەكان وێنایان دەكات، بەڵام نازانێت قەدەر چی بەسەر شتەكاندا دەهێنێت، بۆ نموونە باوكێك، كە حاڵەتی زیرەكی و بەهرەی یەكێك لە منداڵەكانی دەخوێندەوە وەهای وێنا دەكرد، كە ئەو منداڵەی دەبێتە یەكێك لە بلیمەتەكان، بەڵام لە پڕ لە ڕێگای قوتابخانە ئۆتۆمبێلێك لێی دەدات و دەمرێت، كەوابێت ئەوەی وێنا بوو لە بارەی ئایندەی ئەو منداڵە بەرجەستە نەبوو، ئەمەش ئەگەر كەمتەرخەمی و كەم و كوڕی شۆفێرەكەی تێدا نەبێت، ئەمە قەدەرێك بوو، وێناكەی گۆڕی.

3 ـ گۆڕانی مرۆڤەكان لە كاتێكی دیاریكراودا : لەبەر بەرژەوەندییەكی دیاریكراو، ئیتر ڕێك بە پێچەوانەی جارانی خۆیان هەنگاو هەڵدەگرن، بەمەش كەوابێت ئەو وێنانەی لە زەینی بەرامبەرەكانیان بۆ خۆیان دروست كردبوو، ئەو وێنایە دەشێوێنێت.

4 ـ هەڵومەرجە سیاسی و ئابوری و ئاسایش و هەڵومەرجە تایبەتییەكانی تر، گۆڕینی زۆر بەسەر وێنای دروستی شتەكان دێنێت، كە ئەگەر لەباری ئاساییدا بوونایە ، ئەو كەس و حاڵەت و واقیعانە، لەوە نەبوو وەكو كەسە زیرەكەكان وێنایان كێشابوو وەها دەرچوونایە.

5ـ ڕادەی بیرتیژی و زیرەكی كەسی وێناكەر : هۆكارێكی سەرەكییە لەوەی كەوا وێناكان دروست دەرچن یان نا، چونكە هەموو كەسێك بنەماكانی وێناكردن بە باشی نازانێت، بۆیە هەر لەسەرەتاوە وێناكە بۆ شێوە و واقیع و كەسەكان وێنایەكی ناواقیعی و نادروست دەبێت.

6 ـ پێشكەوتنی سەردەم : هەموو ئەو پێشكەوتنانەی كە ئێمە لە ژینگەی دەوروبەرمان دەیانبینین و بەرچاومان دەكەون و لە واقیعدا و لە ژیانماندا ڕەنگیان داوەتەوە، كاریگەری لەسەر وێناكردن دروست دەكات.

دەتوانین بڵێین وێناكردن وەك بۆچوونێكی ماوە درێژ وایە، بەڵام بۆچوون پرۆسەیەكی زارەكییە و مەودای كاتەكەی بۆ ئێستا یان داهاتوویەكی نزیكە، هەرچی وێناكردنە، وێنە یان بۆچوونێكی هۆشەكییە و مەودای كاتەكەی فراوانترە، بۆ نموونە وەك دەوترێت سەبارەت بەو شتە بۆچوونم وەهایە ، بەڵام بۆ وێناكردن سەبارەت

بە شتێك یان بابەت یان واقیع یان داهاتوویەكی دوور و ماوە درێژە و پرۆسەیەكی ماوە درێژە، وەك دەوترێت تەسەور (وێنا) ی دەكەم كە كچەكەم ببێت بە پزیشك ، یان تەسەور دەكەم كە كوردستان ببێت بە دەوڵەت.

كەوایە وێناكردن ئەوەیە، بە پێی خوێندنەوە و روانینی خۆمان لە دەروون و هۆشدا وێنەیەك بۆ شوێن و واقیع و كەسەكان سەبارەت بە ئاییندەی ئەوان دروست دەبێت «بەدەستهێنانی وێنەی شتێكە لە هۆشدا یان هەستكردن بە چۆنیەتی شتێكە بە بێ ئەوەی بڕیار بە هەبوون یان نەبوونی بدەین» (سامية 2007، 10) و بریتییە لە تێگەیشتنی عەقڵ بە شێوەیەكی بابەتی یان چۆنیەتی بە بێ سەلماندن و نكۆڵی كردن لێی، پرۆسەیەكە عەقڵ تێی دەگات و هەستی پێ دەكات و ئامادەبوونی وێنەیەكە لە هۆشدا بە دركپێكردنی، وەك ئەوەی لە واقیعدا بوونی هەبێت و «لە كاتی هەستكردن و دركپێكردن بە كۆمەڵە شتێك دروست دەبێت، وێنەیەكی هەستی نییە، بەڵكو لە هۆشدا بەرهەم دێت» (سامية 2007، 11))

پرۆسەیەكی دركپێكردنی هزرییە، گوزارشت لە لایەنە دەروونییەكانی تاك دەكات بە پشت بەستن بە كۆمەڵێك هۆكاری دەرەكی و بەرهەمی پرۆسەی چالاكییەكی هۆشەكییە، بەشداری لە دروستكردنی واقیعدا دەكات، ئەو پرۆسەیە لە یادگە و هۆشی تاكەكەسدا ئەنجام دەدرێت، «تاك یان كۆمەڵێك لە تاكەكان ئەو واقیعەی كە لە بەرامبەریدا هەیە، دووبارە دروستی دەكاتەوە« (سناء 2012، 28)، لە چەندین خەسڵەت پێك دێت كە شتەكەی پێ وەسف دەكرێت، هەر كاتێك هەموو ئەو خەسڵەتانە پێكەوە كۆببوونەوە ئەوا لە هۆشی كەسی وێناكەر بەهۆی كۆبوونەوەی هەموو ئەو خەسڵەتانە وێنەیەك دروست دەبێت.

مرۆڤ زۆرجار ئەگەر بیەوێت وێنای شتێك بكات ئەوا چاوەكانی دادەخات و ئیتر ئەو شتەی وێنای دەكات لە هۆشیدا وێنەیەك دروست دەكات بۆ ئەو شتەی كە مەبەستیەتی، هەروەها مرۆڤ لە ڕێگای ئەو وەسف و سیفەتانەی، كە بۆی باس كراون سەبارەت بە شتێك، وا دەكات ئیتر لە هزری خۆیدا وێنای بكات، بێ ئەوەی بینیبێتی یان بێ ئەوەی بتوانێت ببینێت.

بێگومان وێناكردن لە ئەنجامی هۆشیارییەكی تایبەت دروست دەبێت سەبارەت بە بارودۆخ یان بابەت یان كەس و شتێك، ئەو هۆشیاریەش بەرئەنجامی ئەزموون و ژینگەی دەرەوەیە، هەندێك جاریش خودای میهرەبان بە پێی ویستی خۆی ڕوانینی ڕاست و ڕۆشنفكری دروست بە كەسەكان دەبەخشێت، زۆرجاریش بەرئەنجامی زیرەكی و بەتوانایی خودی كەسەكەیە، بۆ ئەو شتەی كە خۆی وێنای دەكات، وەك ئەو ئەندازیارەی، لە هۆشی خۆیدا وێنای دروستكردنی چەندین باڵەخانە دەكات، كە دەیەوێت لە ئاییندەدا بە شێوەیەكی ڕێك و پێك و تۆكمە دروستیان بكات و كۆمەڵێك دیزایین و شێوەی جوانیان بۆ دادەنێت، كە دواتر ئەو وێناكردنە دەبێتە شتێكی بەرجەستە و لە واقیعدا دێتە دی.

بێگومان كاتێك وێناكردن لە واقیعدا بەرجەستە دەبێت، كە یەكانگیر لەگەڵ عەقڵ و لۆژیكدا و پێچەوانەی یاسا گەردوونییەكان نەبێت.

هەروەها دەبێت ئاماژە بەوەش بكەین لەسەر بنچینەی وێناكردن جۆری ڕەفتار بنیات دەنرێت و مرۆڤ لەسەر بنچینەی وێناكردن بۆ كەسەكان و واقیع و شتەكان جۆری ڕەفتاركردنیشی لەگەڵیان دیاری دەكات، كە بە چ شێوەیەك هەڵسوكەوتیان لەگەڵ بكات.

ئەگەر بەكارهێنانی چەمكی وێناكردن تا ڕادەیەك لەم دواییانە زیاتر بووبێت، بەڵام خودی چەمكەكە تازە نییە، «ئەو چەمكە بە بیرۆكەیەكی كۆن لە فەلسەفەی یۆنانیدا دادەنرێت، ئاماژە بە چالاكییە هزرییەكان دەكات، كە لە ڕێگای عەقڵەوە وێنەی بابەتێك یان ڕووداوێك دروست دەكرێت» (طاهري 2013، 20).

### 2.3:پێناسە و بۆچوونی هەندێك لە فەرهەنگ و لێكۆڵەران سەبارەت بە وێنا:

لە فەرهەنگی ((Nobert sillamy بەم شێوەیە پێناسە بۆ وێنا كراوە و دەڵێ: «تەنیا گەڕانەوەی وێنەیەكی سادەی واقیع نییە، بەڵكو دروستكردنی چالاكییەكی هۆشەكییە» (نورة 2006، 14)، ئەوەش بە مانای ئەوەی وێناكردن تەنیا پیشاندانی وێنەیەكە نییە، كە لەگەڵ واقیع دەگونجێت، بەڵكو بریتییە لە بنیاتنانی وێنەیەكی نوێی هۆشەكی.

هەروەها لە (قاموس الادبی) هاتووە وێنا «بریتییە لە خەیاڵكردنی ئەو وێنەیەی، كە لە هۆشدا دروست بووە، بە واتای ئەوەی شتێكە كە لە هۆشدا وێنە و شێوەیەكی هەیە» (طاهري 2013، 23)

(كانت) سەبارەت بە وێنا دەڵێ : «زانیاریەكانمان سەبارەت بە بابەتەكان لە ڕاستی دا هیچ نییە، جگە لە وێناكردن» (شكمبو 2005، 11)

(جوێت) وەها پێناسەی بۆ كردووە، دەڵێ «وێناكردن كۆمەڵێك چەمكە بۆ چەند بابەتێك یان دیاردەیەكی دیاریكراوی كۆمەڵگایەكی دیاریكراو و بریتییە لە خستەڕووی بۆچوون و وێنە و بیرۆكەكان لە هزری مرۆڤدا» (سناء 2012، 28)

(رینی کیس) دەڵێ «وێناکردن بریتییە لە بەرهەمهێنان و پرۆسەی چالاکی و بنیاتنانێکی هۆشەکی بۆ واقیعێك لە ڕێگای دەزگای دەروونی مرۆڤەوە لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانەی، کە پێشتر وەریگرتووە و بەدەستی هێناوە« (نورة 2006، 15). هەروەها دۆرکاریم پێی وایە، وێناکردن «تەنیا پەیوەندی بە ئاستی خودییەوە نییە، و تەنیا بە ڕوانینی خودییەوە ئەنجام نادرێت، بەڵکو پێویستی بە لایەنی کۆمەڵایەتی و ژینگەی دەوروبەرەوە هەیە و زۆرکات وێناکردن دەرئەنجامی هۆکارە دەرەکییەکانە« (بومدین 2004، 12)

بە بۆچوونی (دۆرکایم) بێت، کەوایە وێناکردن لەسەر دوو ئاستدا ئەنجام دەدرێت ئەوانیش:

یەکێکیان ئاستی خودییە، واتا پەیوەندی بە خودی کەسەکەوە هەیە، لە ڕوانین و وێناکردنی بۆ بابەتەکە و کەسی وێناکەر تەنیا پشت بە ڕوانینی خۆی دەبەستێت، هەروەها ئەوەی تر ئاستی بابەتییە، کە دوورە لە ڕوانینی خودی و تاك، لە چوارچێوەی دەوروبەری و بە پشت بەستن ژینگەی دەرەوە و لایەنی کۆمەڵایەتی پرۆسەی وێناکردن ئەنجام دەدات و لە ڕێگای هۆکارە دەرەکییەکان وێنای شتەکان دەکات.

کەوایە بە شێوەیەکی گشتی «شتێك نییە ،کە بە شێوەیەکی سروشتی (فیتری) لە تاکدا گەشە بکات، بەڵکو دەرئەنجامی ئەو ڕۆشەنبیری و ئەزموونەیە کە لە پەروەردە کۆمەڵایەتی و ژینگە سروشتییەکەی بەدەستی دەهێنێت» (معلوف 2010، 142)، لەو بۆچوونەی دۆرکایم ئەوە بەدەست دێنین، کە هەندێك شت کاریگەریان لەسەر وێناکردن هەیە ،ئەوانیش:

یەکەم: ژینگەی دەرەوە: کە کاریگەریەکی زۆری لەسەر پرۆسەی وێناکردندا هەیە ،تەنانەت زۆرجار کاریگەریەکی گەورەی دەبێت لەسەر ئەوەی کە وێناکردنەکە وەدی بێت یان وەدی نەیەت.

دووەم: شێوازی بیرکردنەوە و شێواز و جۆری ژیانی تاك، کاریگەریەکی زۆریان لەسەر وێناکردندا هەیە.

ئەو بۆچوونەی دۆرکایم گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە هەمیشە تاك لە ژیانیدا لە ژێر کاریگەری هۆکار و فاکتەرە ژینگەییەکانی دەوروبەریدا هەیە و ئەو وێناکردنانەی دەیکات، ئیلهامی ئەو دۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسی و هەلومەرجە تایبەتیانەیە، کە تیایدا دەژی و ئەوەی لە ڕووی ماددی و مەعنەوی کاریگەری لەسەر وێناکردنەکان جێدەهێڵێت ئەو واقیع و ژینەگەیەیە، کە تیایدا دەژین، بەڵام چۆنیەتی وێناکردنی ئێمە بۆ واقیع و کەس و شتەکان پەیوەستە بەو کاریگەریەی، کە ئەو واقیعە لە ڕووی دەروونی و مەعنەوییەوە لەسەر ئێمەی دادەنێت، هەر ئەوەشە ڕادەی کاریگەرییەکان لەسەر چۆنیەتی وێناکردنەکان جێدەهێڵێت.

بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین، کە وێناکردنی کەسێك بۆ بارودۆخ و یان واقیعێکی دیاریکراو هەرگیز لەگەڵ وێناکردنی کەسێکی تردا وەك یەك نییە بۆ هەمان شت، تەنانەت ئەگەر وێناکردنەکەش لێك نزیك بن، بەڵام وردەکاری و کات و ڕوانینەکانیان بۆ وێناکردنەکە جیاوازی دەبێت، ئەمە جگە لەوەی توانا وێناکردن لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، با لە هەمان واقیع و ژینگەی کۆمەڵایەتی دا بن.

### 3.3: جیاوازی نێوان وێنە و وێنا

1ـ وێنە پرۆسەیەکە لە ڕێگای ئەندامی بینینەوە هەستی پێ دەکرێت، بینینی ئەو دیمەنەیە، کە لە واقیعدا هەیە، لە ڕێگای چاوەوە بە پرۆسەیەکی زانستیدا تێدەپەڕێت و دەگوازرێتەوە بۆ هۆش ، ئینجا لەوێوە لە شێوەی وێنەدا دەردەکەوێت.

وێنا:پرۆسەیەکە لە هۆشی کەسەکەدا دروست دەبێت، هەندێك جار پشت بە بینین دەبەستێت و هەندێك جاریش لە ڕێگای بیستن و هەندێك جاریش لە ڕێگای خەیاڵەوە بۆ کەسەکە دێت، چونکە کەسێك کە لە زگماکیشەوە نابینا بێت، دەتوانێت لە هۆشی خویدا بە سوود وەرگرتن لەو وەسف و زانیاریانەی بەدەستی دەهێنێت وێنای هەر شتێك بکات کە بیەوێت.

2ـ وێنە : وێنەی ئێستایە و ڕەنگدانەوەی ئەو دیمەنە یان بینینی ئەو دیمەنەیە، کە لە ئێستادا بوونی هەیە و لە ئێستادا دەخرێتە بەرچاو و پەیوەندی بە ئێستاوە هەیە.

وێنا : وێنەی ئایندەیە و پەیوەندی بە ئایندەوە هەیە.

3ـ وێنە : دەشێ حەقیقەتی هەبێت و زۆرجار لەسەر واقیع دادەمەزرێ و گواستنەوەی ئەو دیمەنانەیە، کە زۆرجار لە ڕاستەقینە و واقیعدا بوونی هەیە وەك خۆی و لای هەموو کەس هەر بەم شێوەیەیە کە هەیە و جیاوازی نییە.

وێنا : مەرج نییە حەقیقەتی هەبێت، چونکە لەسەر خەیاڵ دادەمەزرێ و ڕەنگدانەوەیەکی ناوەکییە بۆ واقیعێکی دەرەکی، بەرهەمی بنیاتێکی هزرییە و ئامادەبوونی کۆمەڵێك بابەتە، کە لە واقیعدا بوونیان نییە، هەروەها توانای وێناکردن لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، با لە هەمان ژینگە و واقیعیشدا بن.

4ـ وێنە پرۆسەیەکە لە ڕێگای دەزگای بینینی مرۆڤ و گشت گیانلەبەرانی ترەوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام وێنا پەیوەستە بە مرۆڤەوە، لەبەر ئەوەی لە ئەنجامی هۆشیارییەکی تایبەت دروست دەبێت، هەرچی گیانەوەرانی ترن ئەو هۆشیارییە تایبەتییەیان نییە و پێیان نەبەخشراوە، کە وێنایان بۆ شت و کەس و واقیعەکان هەبێت.

### 4.3: لێکچوونی نێوان وێنە و وێنا

1ـ وێنە حەقیقەتی شتەكان پیشان دەدات، وێنا پێشبینییە بەرامبەر حەقیقەتی شتەكان

2ـ هەردووكیان شتانێكمان دەخەنە بەرچاو، روخسارەكانی شتێكی تایبەت یان گشتی لە مێشكدا زەق دەكەنەوە، بەڵام هی وێنەكە واقیعییە و هی وێناكە پێشبینییە بۆ گەیشتن بەو واقیعەی، كە وێناكراوە.

3ـ هەردووكیان كۆمەڵێك هۆكار و فاكتەر و خەسڵەت بەشداری لە پرۆسە و ئەنجامدانیدا دەكەن.

4ـ لە هەردوو پرۆسەكەدا هۆش بەشدارە، بەڵام وێنە سەرەتا لە چاوەوە پرۆسەكە دەست پێ دەكات و دەڕوات بۆ هۆش، هەرچی وێنایە ئەنجامدانی خودی پرۆسەی وێناكردن هەر لە ناو هۆشدا ئەنجامدەدرێت و هەر لە ناو هۆشدا بەرهەم دێت، بە واتای ئەوەی چالاكییەكی هۆشەكییە.

## 5.3: بایەخی وێناكردن لە ئەدەبدا

بە درێژایی مێژوو ئەدەب بەشێكی جیانەكراوە و دانەبڕاو بووە لە ژیانی تاك و كۆمەڵگا، بۆیە دەبینین هەموو ئەو دەقە ئەدەبیانەی سەروكاریان لەگەڵ خۆشی و ناخۆشیەكانی تاك و كۆمەڵگادا هەیە ، هەمیشە زیاتر لە دەقەكانی تردا دەژین و تا ماوەیەكی زیاتر زیندوو دەمیننەوە، لەبەر ئەوەی ئەدیب تاكێكی نیو كۆمەڵگایە بۆیە دەبێت ئەدەبەكەی پەیوەست بكات بە باس و خواس و هەموو ئەو كێشە و گرفت و بابەتانەی، كە لە نێو كۆمەڵگادا هەیە و ئەو بابەتانەی لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە گشتین و پەیوەستن بە گشت مرۆڤایەتییەوە، چونكە ئەدەب بە هەموو جۆرەكانییەوە وەك ئاوێنەیەكە بۆ باسكردن و دەربڕین و گوزارشتكردنی هزر و بۆچوون و تێڕوانینەكانی مرۆڤ، ڕۆڵی لە پێشكەوتن و گەشەسەندنی بیری مرۆڤدا هەیە، بۆیە دەبینین ئەدەب وەك ئامرازێكە مرۆڤ بەهۆیەوە ئەوەی لە دڵ و بیریدایە دەیەوێت بە شێوەیەكی جوان و بەرز بیانگەیەنێت بۆ ئەوەی كاریگەری زیاتر لەسەر بەرامبەر جێ بهێڵێت، ئەوەش بەو پێیەی زمانی دەقی ئەدەبی تارادەیەك جیایە لەو زمانە ئاساییەی خەڵگ بە گشتی پێی دەدوێن، بۆیە هەر لە كۆنیشەوە ئەدەب وەك سەكۆیەك بووە، مرۆڤ هەوڵیداوە ئەوەی دەیەوێت بە زمانێكی بەرز و جوان بگەیەنێت.

وێناكردن لە ئەدەبدا گرنگی و بایەخێكی زۆر و بەرفراوانی هەیە و ڕادەی بیرتیژی و ئاست و توانا و كاریگەری ئەدیب دەردەخات لەوەی، كە ئەو وێناكردنانەی سەبارەت بە شت و كەس و واقیعانەی لە هۆشی خۆیدا دروستیان دەكات و دەیەویت بیانخاتەروو، تا چەند لە ئاییندەدا بەدی دێن و ڕوودەدەن و ئەو وێناكردنانەی ئەنجامی دەدات، چەندە سوود بە كۆمەڵگا و تاك دەبەخشن، چەندە تاك و كۆمەڵگا بەرەو پێش دەبەن، تا چەند دەبنە هۆكارێك بۆ ئەوەی سوودیان لێ وەربگیرێت و چەندە وادەكەن ببنە كۆڵەكەیەكی پتەو تا بەهۆیەوە كۆمەڵگایەكی پێشكەوتوو و شارستانیەتێكی گەورە بەهۆیەوە بنیات بنرێن.

چونكە وێناكردنەكان ئەگەرچی هەندێك جار وا لێكبدرێنەوە، كە بەدیهاتنیان زەحمەتە و ئەستەمە، بەڵام دەبێت تاك و كۆمەڵگا و كەسان خەمخۆر بە گرنگ و بە هەندی وەربگرن، بێگومان ئەو بە گرنگی زانین و بە هەند وەرگرتنە پەیوەستە بە ئایدەلۆژیا و ڕوانینی ئەدیب، كە ئایا ئەو ئەدەبەی پێشكەشی دەكات، باس و بابەتی خەیاڵی و دوور لە واقیعن یان ئەو باس و بابەتانەن، كە پەیوەست بە ژیان و ئەو بابەت و پەیامانەن، كە پەیوەندییەكی دروست و پتەویان لەگەڵ تاك و كۆمەڵگادا هەیە و ئەدیب كێشە و نەهامەتی و باس و خواسەكانی خەڵك بەیان دەكات و باس لە ئێش و ئازار و كێشە خودی و گشتییەكان دەكات.

ئەدیب لە ڕێگای وێناكردنەوە گوزارشت لەو بۆچوون و پێشبینی و خەیاڵ و هەست و سۆزانە دەكات، كە دەیەوێت دەریانبڕێت، وێناكردنیش یەكێكە لەو ڕێگایانەی ئەدیب پەنای بۆ دەبات بۆ ئەوەی بیر و خەیاڵی خۆی سەبارەت بە شتەكان بختەڕوو و بۆچوون و پێشبینیەكان سەبارەت بە ئاییندە بگەیەنێت.

بۆیە دەبینین ئەدیبی باش دەبێت باس لە شتانێك بكات، كە پەیوەست بێت بە ژیانی تاك و پەیوەست بێت بە خۆشی و ناخۆشیەكانی دەوروبەرەكەی و پرسە مرۆڤایەتییەكان، هەر لەو سۆنگەیەشەوە زۆرجار بە سوود وەرگرتن لە ئەزموون و لایەنی دەروونی خۆی و زیرەكی و بیرتیژی و دووربینییەكەی وێنا بۆ كەس و واقیع و گۆڕانكارییەكان دەكات، كە لە ڕاستیشدا یەكێك لە ئەركەكانی ئەدیب ئەوەیە، باس لە ئاییندە بكات و پێشبینی بۆ واقیع و بارودۆخەكان بخاتەڕوو، ئەمەش هەمان ڕوانین و دیدگای ئەرستۆیە بۆ شاعیر و ئەدیبان، كە دەڵێ «ئەركی شاعیر ئەوە نییە، ئەو شتانە بگێڕێتەوە كە ڕوویانداوە، بەڵكو پێویستە ئەو شتانە باس بكات، كە لەوانەیە ڕووبدەن، مێژوونووس ئەو شتانە دەگێڕێتەوە كە ڕوویانداوە، شاعیریش ئەو شتانە باس دەكات، كە لەوانەیە ڕووبدەن» (پیرباڵ 2005، 19)

وێناكردن گرنگییەكی هێندە زۆری هەیە، دەكرێت بەهۆی ئەو وێناكردنانەی ئەدیب دەیكات شارستانیەتێكی گەورە و ژیارێكی بەرز بنیات بنرێت و سەرجەم لایەنەكانی ژیانی كۆمەڵگا بەرەو پێش بچن و ڕۆڵی هەبێت لە پێشكەوتن و گەشەسەندنی تاك و كۆمەڵگا و دەوڵەت، وێناكردنەكان بكرێن بە ڕێگایەكی ستراتیژی و بكرێن بەو شادەمارە گرنگەی، كە نەك هەر لەسەر ئاستی تاك، بەڵكو لەسەر ئاستی نەتەوە و دەوڵەت سوودیان لێ وەربگیرێت و بكرێن بە هەوێن و بە پرۆژە و نەخشەیەك، كە تاك و وڵات لە كێشە و ناخۆشی و نەهامەتییەكان دووربخرێنەوە و چارەسەری بۆ گرفت و كێشە هەنووكەیی و داهاتوویەكان دابنێت، بكرێن بەو پردەی، كە نەتەوە لەبەردەم لافاوی ناخۆشی و ئازار و مەینەتی و كێشەكاندا بەسەریدا بپەڕێتەوە و بكرێن بە وێستگەیەكی گرنگ تا كەڵك و سوودیان لێ وەربگیرێت، بێگومان ئەوەش ئەو كاتە دەبێت، كە ئەدیب لەسەر ڕێگا ڕاستەكە بێت و ئەدەبەكەی بكات بە وەسیلەیەك كە تیایدا پەیامی گرنگ و سوودبەخش پێشكەش بكات و ڕوانین و وێنای بەرز و گرنگ و جوان و بەسوودی هەبێت و پەیامی بەرز و جوان ئاراستە بكات و خزمەت بە مرۆڤایەتی بكات، نەوەك وەك مارێكی سڕ هەمیشە بە دەوری خۆیدا گینگڵ بدات و تەنیا بە دەوری

قاوغێكی بێ كەڵك خول بخواتەوە و بابەت و باس و شتی بێ كەڵك و ناپێویست بخاتە ڕوو، كە ئەوكات وێنای چ بابەت و شتێكی باش و بەسوود بكات و سوودی چیان لێ وەربگیرێت؟

بە پێچەوانەوە كاتێ ئەدیب پەیام و ڕوانینەكانی پەیوەست كرد بە خزمەتكردن بە خەڵك، ئەوا ئەدەبەكەی دەبێتە مایەی سەرنجڕاكێشان لای خەڵك و گشت كەسێك و بە تێپەربوونی كات ئەزموون پەیدا دەكات و ئەوكات لە ڕێگای ئەو ئەزموون و هۆشیارییەی، كە هەیەتی وێنا بۆ شت و باروداۆخ و واقیع و حاڵەتەكان دەكات و هەر لە ئەنجامی ئەو بیرتیژی و ئەزموون و هۆشیارییەیەوە بەشێك لەو وێناكردنانەی، كە دەیكات، لە ئایندەدا دێنە دی، ئەویش ئەگەر بە ڕاستی تاك و كۆمەڵگا و نەتەوە هۆشیار و چاوكراوە بن و كەسی خەمخۆر بوونی هەبێت، ئەوا دەبێت وێناكردنەكان بكەن بە وەسیلەیەكی گرنگی پێشكەوتن و بەهۆیانەوە خۆیان بپارێزن لە ناخۆشیەكان و بەرنامەڕێژی بكەن بۆ ئەوەی بە شێوەیەكی دروست و تەواو هەمان ناخۆشی و هەمان شكستی ڕابردوو تووشیان نەبێتەوە و كۆمەڵگا لەسەر ئاستی تاك و نەتەوە بەرەو پێشكەوتن بچێت و بەمەش وڵات بەرەو ژیارێكی گەشەسەندووی دوور لە كێشە هەنگاو دەنێت. هەر بۆیە وتراوە «شاعیر گوزارشت لە ژیان ناكات، بەڵكو ژیانێكی دیكەی یەكسان بە ژیان دروست دەكات، ڕاستگۆتر و جوانتر لە ژیان» (الصبور 1969، 39)

## 6.3: وێناكردن لە ئەدەبی كوردیدا

وێناكردن لە ئەدەبی كوردیدا نمونەی زۆرە، كەم نین ئەو شاعیرانەی، وردبین و دووربین بوون لەوەی، لە داهاتوودا دەكرێ چی ڕووبدات و پێشبینیان بۆ ئاینندە كردووە و وێنای كۆمەڵێك باس و واقیع و باردۆخیان كردووە، ئەمەش لە نێو بەشێك لە بەرهەمەكانیان بەدی دەكرێن و بەرچاومان دەكەون، لە خوارەوە چەند وێناكردنێكی هەندێ لە شاعیران باس دەكەین.

1ـ حاجی قادری كۆیی، كە لە دوای خانی بە دووەم شاعیری نیشتمانپەروەر دادەنرێت، ئاشكرایە زۆر لە خەمی خاكی كوردستاندا بووە، ئەو خەمخۆرییەش لە بەشێكی زۆر لە شیعرەكانی بەدی دەكرێن، لە شیعرێكدا وێنای ئەوە دەكات، خاكی كوردستان دەكەن بە ئەرمەنسان و دەڵێ:

خاكی جزیر و بۆتان یەعنی وڵاتی كوردان

سەد حەیف و سەد مخابن دەیكەن بە ئەرمەنستان

مزگەوت دەبێتە دێرە، ناقوسیان موئەززین

مەتران دەبێتە قازی، موفتی دەبێتە ڕەهبان (میران و شارەزا 1390، 94)

حاجی داخ و حەیف هەڵئەكێشێت بەوەی، كە ئەو خاكە دێرینە، كە جزیر و بۆتانە و شوێنی دێرینی نەتەوەی كوردە و وڵاتی كوردانە، حەیف دەیكەن بە ئەرمەنستان و دەوڵەتی ئەرمەنستانی لەسەر دروست دەكەن، وێنای ئەوە دەكات كە مزگەوت دەبێتە كڵێسا و هەروەها لە شوێنی قازی، مەتران دادەنرێت و (ڕەهبان)یش شوێنی موفتی دەگرێتەوە.

2ـ مەلای گەورەی كۆیە، كە كەسێكی دانا و زانای سەردەمەكەی خۆی بوو و زۆر كوردپەروەر بوو، لە بەشێكی زۆر لە شیعرەكانی وێنای كۆمەڵێك باروداۆخ و واقیعی كردووە، لەگەڵ خەم و ئێش و ئازاری میللەتەكەی خۆیدا ژیاوە و هەردەم هەوڵی داوە، میللەتەكەی هۆشیار بكاتەوە تا واز لە بیركردنەوەی كۆنەپەرستی و دواكەوتوویی بهێنن و هەوڵ بدەن و تێبكۆشن بۆ گەیشتن بە ئامانج و مافە ڕەواكانیان.

مەلای گەورە دەیزانی و باش ئاگاداری ئەوە بوو، كە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی كاروباری وڵات هەروا ئاسان نییە و تەنیا بە قسەی باق و بریق و گوفتاری بێ كردار پێك نایەت، بەڵكو بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و دامەزراندنی پایەكانی دەوڵەت، هەوڵ و تێكۆشان و شەونخوونی و كاركردنی بەردەوامی دەوێ، بۆ ئەوەی بە شێوەی میكانیزمێكی سەركەوتوو كاربكرێت بۆ هێنانەدی و گەیشتن بەو مافە و بنیاتنانی پایەكانی دەوڵەت، مەلای گەورە وێنای ئەوە دەكات و دەڵێ:

بە ڕیشی پان و ئیشی پڕ لە ئەسپێ

بناغەی ئیشی كوردان چۆن دەچەسپێ

بە كەشكۆڵ و سواڵ و فەقر و زیللەت

مەحاڵە كاكی خۆم تەشكیلی دەوڵەت (حەیدەری 2009، 32)

مەلای گەورە وێنایەكی جوانی ئەوەمان بۆ دەكات كە بناغەی دامەزراندنی دەوڵەت كاركردنی دەوێت، تەنیا بەوە نابێ، كە قسەی ڕووت فڕێ بدەیت و بانگەشەی دەوڵەتداری بكەیت، لە كاتێكدا هەموو هەنگاو و كاریكت دژی دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە بێت، میللەت و نەتەوەیەك، كە تەنیا خەریكی قسە بێت و نەتوانێت نێوی ماڵە خۆی ڕێك بخات و پرچی خۆی، كە دیارترین شوێنی جەستەیەتی نەتوانێت خزمەتی بكات و میللەت و كەسانێكیش كە بانگەشەی دەوڵەت بكەن، بەڵام نەتوانن خزمەت بە دیارترین شوێن و خاكی خۆیان بكەن و تەنیا خەریكی قسە فڕێ دان بن و نێوماڵیان پڕ بێت لە ئەسپێی كێشە و دووبەرەكی و ناخۆشی، ئیتر چۆن دەتوانن بناغەی دروستبوونی دەوڵەت و پایەكانی پێكهێنانی دەوڵەت دابمەزرێنن، لە دێری دووەمیشدا وێنای ئەوە دەكات، كە بە كەشكۆڵ و سواڵكردن و پارە كۆكردنەوە و دەستپانكردنەوە لە

ئەم و ئەو، دەوڵەت و پایەکانی دەوڵەت دروست نابێت و میللەتێك گوزەرانی لەوپەری ناخۆشی بێت و لەوپەری هەژاریدا ژیان بباتە سەر و بڕیاربەدەستەکانیشی نەتوانن بارودۆخی ژیانی خەڵك خۆش بکەن و خەریکی دەستپانکردنەوە بن و زیللەت و ناخۆشی و هەژاریش بووبن بە مۆتەکە بەسەر میللەتەوە، ئیتر چۆن دەوڵەت دروست دەکرێت؟ لە کاتێکدا ئێمە دەزانین پێکهێنانی دەوڵەت و سەربەخۆیی و بوون بە دەوڵەت ، هەوڵ و کارکردنی بەردەوامی دەوێ و ئەمەش بە شێوەیەك دەبێت، کە جیاوازی لە نێوان ڕۆڵەکانی ئەو میللەتە لەسەر جیاوازی بوون بێت بە پشت بەستن بە بنەمای زانستی و توانای زانستی خودی نەوەك شتی تر، هەروەها کاربکرێت بۆ ئەوەی سەرمایەی نیشتیمانی زیاد بکرێت، ئەوەش بەوە دەبێت، کە بایەخ بە هەموو کەرتەکان بدرێت بە تایبەت کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی، پشتگیری کەسە داهێنەرەکان بکرێت و سوود لە ئەزموون و ئاست و توانای زانستیان وەربگیرێت و بنەمای بەدەستهێنانی پلە و پایە و بەرپرسیارێتی، لەسەر بنەمای توانای زانستی و ئاستی خودی بێت، نەوەك لەبەر بنەمای لایەنداری، کە بێگومان ئەگەر بە شێوەیەکی ڕێك و پێك و تەواو کارنەکرێت بۆ دروستبوونی ئەو دەوڵەتە، ئەوا کاتێك دەوڵەتیش دروست بوو، ئەوا پایەکانی لەرزۆك و لاواز دەبن و بەرگەی فشار و ناخۆشیەکان ناگرێت، مەلای گەورە وێنای ئەوە دەکات کە مەحاڵە دەوڵەت بەم شێوەیە دروست ببێت.

3ـ فایەق بێکەس یەکێکە لە شاعیرە نیشتمانپەروەرەکانی کورد، لە پارچە شیعری (دەردی دەروون) وێنای ئەوە دەکات، کە نەتەوەی کورد لە ئەنجامی چەندین هۆکار هەرگیز ناگات بە مەبەست و ناگات بەوەی، ڕۆژێك لە ڕۆژان سەربەخۆ بێت، ئەوەش لە ئەنجامی ئەوەی ڕۆڵەکانی هەمیشە دوو دڵن لەگەڵ یەکتر و هیچ کات لەگەڵ یەکتردا ڕاست نین و فێڵ و دووڕوویی لە نێوانیاندایە و ناکۆکی و دووبەرەکی بۆتە پیشەی هەمیشەییان و قەت لەگەڵ یەکتردا هەڵناکەن، بۆیە تا ئێستا خاکیان داگیر کراوە و بێ لانەن، دەڵێ:

کورد ئەبەد ناگاتە مەقسەد نۆکەری بێگانەیە

دوو دڵن، پیسن لەگەڵ یەك، بۆیە وا بێ لانەیە

میللەتێکن بۆ نەمانی یەکتری هەر هەوڵ ئەدەن

داخەکەم ورد و درشتی شێت و شەیدای ئانەیە (مەلاکەریم 2008، 63)

شاعیر وێنایەکی بەهێز دەخاتە ڕوو بەوەی، کە میللەتی کورد هەردەم نۆکەری بێگانەن و هەمیشە پەسنی کەسانی جگە لە مللەتی خۆیان دەدەن و بێگانە پەرستن و خەمخۆر و کەسە داناکانی خۆشیان فەرامۆش دەکەن و هەردەم خەریکی یەکتر شکاندنەوەی یەکترن، بەڵێ وەك ئەوەی کە فایەق بێکەس وێنای کردووە، میللەتێك لەگەڵ یەك ڕاست نەبن و دووڕوویی پیشەیان بێت و قەدری زانا و داناکانی خۆیان نەگرن و بێگانە پەرست بن و کەسانی میللەتانی تر گەورە بکەن و بیلاوێننەوە و کەسە لێهاتووەکانیشیان لەوپەری ناخۆشی و کوڵەمەرگیدا بژین و لایان لێ نەکەنەوە و ڕێزیان لێ نەگرن، ئەوا بێگومان میللەتی وا هەرگیز بە ئامانج و مافی ڕەوای خۆی ناگات،

شاعیر لە دێری کۆتاییدا دەڵێ:

میللەتی بێ عیلم و ئەخلاق چۆن بە ئیستیقلال ئەگا

واسیتەی بەرزی و تەرەقی هیمەتی مەردانەیە (مەلاکەریم 2008، 63)

وێنای ئەوە دەکات کە میللەتێك بەهای زانست و ڕەوشتە جوانەکانی لا نەبێت و کەسە زیرەك و داناکانی پەراوێز بخات و نەخوێندەوارەکانیشی خاوەن پلە و پۆست و دەمراستی بن و میللەتێك لە قسەی زلی بێ کردەوە پێشەنگ بن و بەڵام لە ئاستی کرداریشدا نەتوانن کۆشش بۆ مافەکانی خۆیان بکەن، ئیتر هەر لە ژێر چەپۆکی نەزانی و دواکەوتوویی و داگیرکەراندا دەژێن و هەرگیز بە سەربەخۆیی و ئامانجەکانیان ناگەن.

4ـ گۆرانی شاعیر لەو شیعرەی کە بۆ (دەروێش عەبدوڵلا)ی نوسیوە، وێنایەکی زۆر بە جوان دەکات و و دەڵێ:

ئەگەر خلیقەت نەسیبی عومری تۆی مەحکومی ئەو دەورە

نەکردایە، خوا عالم، لە کام عەرشت ئەسوو داوێن (مەلا کەریم 1980، 120)

وێناکردنێکی جوان و بەهێزی شاعیرە، ڕوو دەکاتە دەروێش عەبدوڵلا و دەڵێ: ئەگەر مەحکوومی ئەو سەردەم و ژیانە نەبایت و لە ناو ئەو میللەتە نەبویتایە، کە بەها و ڕێزی دانا و زاناکانی خۆیان ناگرن، بەو شمشاڵەی دەستتەوە، ئەوا بەس خودا دەیزانی کە چ (بتهۆڤن و مۆزارت) و چ مۆسیقارێکی مەزن و گەورەت لێ هەڵدەکەوت و کەس لەوانە لە ئاست بەرزی هونەرەکەتدا نەدەبوون.

5ـ عەبدوڵلا پەشێو یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە بەشێکی بەرچاو لە شیعرەکانی بە تایبەت هەندێك لە شیعرە سیاسی و نیشتیمانیەکانی وێنای تیا بەدی دەکرێت، هەر لە کۆمەڵە شیعری (دوانزە وانە بۆ منداڵان ) و تا هەندێك لە شیعرەکانی ئەو دواییانەی.

لەم شیعرەی خوارەوە وێنای ئەوەمان بۆ دەکات، ئەو کەسەی کورد بێت و کورد بکوژێ (زۆڵە و تەرەسە و گەوادە) و دەڵێ:

ئەمڕۆ ڕۆژی شیعر نییە

بۆیە من بۆتان دێمە گۆ

بە زمانێکی یەکجار سادە

پێتان دەڵێم:

ئەوەی کورد بێ و کورد بکوژێ

زۆڵە تەڕەسە گەوادە! (پەشێو 2008، 426)

بێگومان ئەمانە هەر سێکیان لە ناو کۆمەڵگادا خراپترین ئاکار و کردەوە و سیفەتانێکی ناشرینن، شاعیر باسی ئەوە دەکات، ئەو کەسەی کورد بێت و دەستی بچێتە خوێنی برای هاوزمانی خۆی، کە لە هەمان نەتەوەیە و لەسەر هەمان خاکدا دەژین، وێنای ئەوە دەکات، کە ئەو کەسە لەبەر ئەوەی بایەخ بە هیچ بەهایەکی مرۆیی نادات و گوێ بەوە نادات، کە ئەوەی دەیکوژێت برا و هاوزمانی خۆیەتی، شاعیر وا وێنای ئەوە دەکات، کە دەبێت ئەو کەسە (زۆڵ و تەڕەس و گەواد) بێت، چونکە هەر ئەوانەی ئەو سیفەتانەیان تێدایە، گوێ بە هیچ کردەوەیەکی نامرۆیی و ناڕەوشتی نادەن و تەنیا لە پێناو ئامانج و ویستی تاکە کەسی خۆیان هەموو کردەوەیەکی بەدڕەوشتی دەکەن، کە شاعیر وێنای ئەوە دەکات کەسێك برای هاوزمانی خۆی ناکوژێت و خوێنی نارێژێت و ئەو کرەوە ناڕەوشتییە ناکات، کە ئەگەر خۆی دانەماڵدرا بێت لە بەها ڕەوشتە بەرزەکان.

هەروەها (دوبەی) یەکێکە لەو شیعرانەی کە شاعیر لە کۆڕی ساڵی 2012 لە هەولێر خوێندیەوە ، لەو دێرەیدا کە دەڵێ:

چیتر ماوە ؟

مووچە نەبڕێ لە بەغداوە !

چیتر ماوە !

هەر ئەمانە و

دوای هەڵدانی چەند پێکێك مەی

کوردستانتان بۆ دەکەمە

شاری دوبەی(پەشێو 2012)

شاعیر لە سەرەتای شیعرەکەوە بە تەنزەوە دەڵێ: ئیتر هەموو شتمان تەواوە و هەر تەنیا ماوەی هەڵدانی چەند پێکێك مەی و مووچە برین ماوە لە بەغداوە، ئەمەی شاعیر بە سەرسورمانەوە دەیڵێت، وێناکردنێکی زۆر جوان و کاریگەر و بەرز و جوانی تێدایە، کە وێنای ئەوە دەکات لە ئاییندەدا مووچەی مووچەخۆران دەبڕدرێت، هەمووشمان ئەوە دەزانین، لە شوباتی ساڵی 2014 مووچەی فەرمانبەران لە لایەن دەسەڵاتدارانی بەغداوە بردرا، کە بەداخەوە ئەگەر سوود لە پەیام و ڕوانین و دیدگای شاعیر وەربگیردرایە ئەوا ئەمە ڕووی نەدەدا و چارەسەری بۆ ئەو پرسە دەکرا، هەروەها ئەوانەی پێشتر باسی ئەوەیان دەکرد و وێنای ئەوەیان دەکرد، هێندە گرنگی بە کوردستان دەدەن و هێندە خۆشی دەکەن، لە ڕووی پێشکەوتن و خزمەتگوزارییەوە وەك شاری دوبەی بێت، بەڵام شاعیر بە تەنزەوە وێنای ئەوە دەکات کە کوردستان وەك دوبەی خۆش نابێت.

6ـ (دلشاد مەریوانی ) یەکێکە لە ئەدیبە بەتواناکانی ساڵی حەفتا و هەشتاکان کە خاوە چەندین کۆمەڵە شیعر و پەخشان و چیرۆك و وتاری ڕەخنەییە، لە شیعرێکیدا وێنای کۆتایی ژیانی خۆی کردووە، لەو شیعرەیدا کە بە ناوی (بۆ هاوڕێیانم) ئاماژەی بەوە کردووە کە دەکوژرێت و دەڵێ:

من دەزانم دەکوژرێم

من دەزانم تەرمەکەم

لە (سارا)یەك فڕێ دەدرێ (مەریوانی 2009، 301)

ئەو شیعرە وێنایەکی بەهێز دەنوێنێت، پێشبینی شاعیرە بۆ سەرەنجامی ژیانی خۆی، کە دەکوژرێ، ئەوەش ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە تاڵ و ناسۆر و ناخۆشە بوو، کە شاعیر و تەواوی نەتەوەی کورد بە تایبەت ئەوانەی خەمخۆری نەتەوە و شۆڕشگێر بوون، بە شێوەیەکی دڕندانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا، ئەوەش بەهۆی ستەم و چەوساندنەوەیان لە لایەن ئەو ڕژێمەی، کە لە دڕندەیی و ئەشکەنجەداندا کەم وێنە بوو، ڕژێم گەنج و لاوانی کوردی دەگرت و لە بەندینخانەکاندا بە توندترین و ناخۆشترین شێواز ئەشکەنجەی دەدان و بەشێکیان گیانیان لە دەست دەدا و شەهید دەبوون، (دلشاد مەریوانی)یش یەکێك بوو لەو هەزارەها گەنجەی، دەستگیر دەکرێت و دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر لە 1989/3/13 گوللە باران دەکرێ.

### 3. ئەنجام:لەبارەی وێنە و وێنای شیعری کوردیدا

1ـ وێنە لە شیعردا بریتییە لەو بنەما و سیما گرنگەی، کە شاعیر لە ڕێگای خەیاڵ و هەستەکانی خۆیەوە لە ڕێگای وشەکانەوە دەیانخاتەڕوو، جا وێنەکە، وێنەیەکی واقیعی بێت و شاعیر وەریگرتبێت، تێکەڵ بە هزر و هەست و خەیاڵی خۆی کردبێت، یانیش وێنەکە هەڵقوڵاوی سەرچاوە خەیاڵییەکانی خۆی و هەست و دەروونی خۆی بێت، لە چوارچێوەی زمانێکی هونەری بەرزدا و لە شێوەی تابلۆیەکی هونەری ناوازەدا بیانخاتەڕوو.

2ـ وێنا: وێنەیەکی هۆشەکییە، دوای بیرکردنەوە لە ڕووداوێك، یان لە هەڵسوکەوتی کەسێك، یان لە خوێندنەوە بۆ واقیعێك، یان بەهۆی بیرتیژی و ئەزموون لە هزری شاعیردا دروست دەبێت.

3ـ وێنە حەقیقەتی شتەکان پیشان دەدات، وێنا پێشبینییە بەرامبەر حەقیقەتی شتەکان

4ـ وێناکردن بایەخێکی زۆری هەیە، دەکرێت بەهۆی ئەو وێناکردنانەی ئەدیبان و شاعیران دەیکەن، شارستانیەتێکی گەورە و ژیارێکی بەرز بنیات بنرێت و وێناکردنەکان بکرێن بە هەوێن و پرۆژە و نەخشەیەك، کە تاك و وڵات لە ناخۆشی و نەهامەتییەکان دووربخرێنەوە و ببنە هۆکاری چارەسەری گرفت و کێشە هەنووکەیی و داهاتوویەکان.

5ـ بەشێك لە شاعیرانی کورد خاوەن وێناکردنێکی دروست بوونە، بۆ نموونە هەر یەك لە حاجی قادری کۆیی و مەلای گەورە و عەبدوڵلا پەشێو...، کۆمەڵێك وێناکردنی کاریگەر لە شیعرەکانیاندا بەدی دەکرێن، کە مایەی هەڵوێستەکردنن لەسەریان و پێویستە بە گرنگییەوە لێیان بڕوانین.

**4. سەرچاوەکان:**


1ـ الصبور ,صلاح عبد .(1969). حياتي في الشعر .دار المعرفة :بيروت. لبنان.

2ـ الملكي ,سلمى محمد أحمد .(2006) .صورة الفنية في شعر الراعي النميري. رسالة ماجستير .جامعة أم درمان الإسلامية:سودان

3ـ امين ,عبدالقادر محمد .(2000) .وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانتیکی کوردیدا.نامەی ماجستێر .کۆلێژی زمان: زانکۆی سلێمانی.

4ـ بومدين ,س .(2004) .التصورات الاجتماعية للصحة و المرض في الجزائر . أطروحة دكتوراه. جامعة منتوري قسنطينة: الجزائر

5ـ بێکەس ,شێرکۆ .(2008) .زەڕبینەکان.هەولێر .*گۆڤاری ڕامان*.ژ.129

6ـ پاوەیی ,موحەممەدرەشیدی ئەمینی ., خەیات ,کاروان عوسمان ,.نەریمان,جوتیار .(2021) .دیوانی تاهیر بەگی جاف : سلێمانی.

7ـ پەشێو ,عەبدوڵلا .(2008) .هەسپم هەورە و رکێفم چیا .چاپخانەی هێڤی: هەولێر.

8ـ پەشێو ,عەبدوڵلا .(2012) .کۆری شیعر.هۆڵی میدیا: هەولێر.

9ـ پیربال ,د .(2005) ., ڕێبازە ئەدەبییەکان.چاپخانەی منارە: هەولێر.

10ـ حەمید میران ,سەردار ,.مستەفا شارەزا ,کەریم .(1390) .دیوانی حاجی قادر کۆیی .بڵاوکراوەی کوردستان (انتشارات کردستان) : سنه.

11ـ حەیدەری ,ممتاز .(2009) .مەلای گەورە .چاپی دووەم. چاپخانەی ڕۆژهەڵات: هەولێر.

12ـ دهمان ,احمد (1986) .الصورة البلاغية عند عبدالقاهر الجرجاني (منهجا و تطبيقا).دار طلاس : دمشق.سوريا.

13ـ ڕۆحانی ,ماجد مەردۆخ .(2020) .فەرهەنگی زانستگای کوردستان .چاپخانەی تایفە.ئێران.

14ـ سامية ,بورنان .(2007) .التصورات الاجتماعية للمرض العقليلى عنية من الطالبة الجامعين. رسالة ماجستير. جامعة محمد خيضر : بسكره. الجزائر.

15ـ سلمان ,حسام تحسين ياسين .(2011) .الصورة الفنية في الشعر ابن القيسراني عناصر التشكيل و الابداع .رسالة ماجستير .جامعة النجاح الوطنية : فلسطين.

16ـ سناء ,بوزريبة .(2012) .مدى مساهمة التصورات و الانتظارات المهنية في اختيار التخصص الدراسي المهني. رسالة ماجستير .جامعة باجي موختار: عنابة. الجزائر.

17ـ شارەزا ,کەریم .(1997) .وێنەی شیعری لە هەردوو باری جولاو و وەستاودا .هەولێر :گۆڤاری ڕامان. ژ. 15.

18ـ شعيب ,سعيدة .(2018) .الصوره في الشعر العربي المعاصر )قراءة في شعر عزالدين المناصرة. أطروحة دكتوراه .جامعة سيدي بلعباس : الجزائر.

19ـ شكمبو ,ليلى .(2005) .التصورات الاجتماعية للكارثة الطبيعية عند الطلبة الجامعيين. رسالة ماجستير .جامعة منتوري: قسنطينة. الجزائر.

20ـ شوانی ,کاوە ئەنوەر .(2007) .فەرهەنگی کاوە) فارسی ـ کوردی.چاپخانەی منارە : هەولێر.

21ـ طاهري ,زينة .(2013) .التصورات الاجتماعية للطلبة الجامعيين حول العمل في القطاع الخاص.رسالة ماجستير. جامعة عربي بن مهيدي ـ ام بواقي: الجزائر.

22ـ عبدالله ,كاوة اسماعيل .(2008) .الصورة الشعرية في شعر ابن حمديس. رسالة ماجستير جامعة السليمانية :كلية التربية/كلار.

23ـ عصفور ,د.جابر .(1981) .الصورة الفنية في التراث النقدي و البلاغي عند العرب. المركز الثقافي العربي: بيروت . لبنان .

24ـ عمر امين ,وريا .(2007) .سەیرانێکی شیعرستان. چاپخانەی دەزگای ئاراس : هەولێر.

25ـ عەبدوڵلا ,پ.ی.د.ئیدریس .(2021) .دەقناسی ئەدەبی کوردی .نوسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە : هەولێر.

26ـ عومەر ,عەلی شێخ .(2015) .ڕۆنانی دەق و تەنگەژەی خود .چاپخانەی کارۆ : کەرکوك.

27ـ محمد ,الولي .(1990) .الصورة الشعرية في الخطاب البلاغي النقدي .المركز الثقافي العربي : بيروت. لبنان.

28ـ معلوف ,الدكتور سمير أحمد .(2010) .الصورة الذهنية (دراسة في تصور المعنى) *مجلة جامعة دمشق* ,المجلد 26 ـ عدد الاول+الثاني.

29ـ مكاوي ,د .عبدالغفار .(1987) .قصيدة و صورة )الشعر و التصوير عبر العصور . المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الاداب : كويت.

30ـ مەریوانی ,دلشاد .(2009) .کۆبەرهەم ـ شیعر .چاپخانەی ئاراس : هەولێر.

31ـ مەلا کەریم ,محمدی .(1980) .*دیوانی گۆران* .بەرگی یەکەم. چاپخانەی کۆری زانیاری کورد : بەغدا.

32ـ مەلاکەریم ,محەمەدی .(2008) .دیوانی فایق بێکەس .چاپخانەی شڤان : سلێمانی.

33ـ مودەریس ,مەلا .عەبدولکەریمی ,.عەبدولکەریم ,فاتیح ,.مەلا کەریم ,محمدی .(2015) .دیوانی سالم .بنکەی ژین : سلێمانی.

34ـ موسى ,إنعام عيسى .(2008) .الصورة الفنية في شعر الحكيم أبي الصلت أمية بن عبدالعزيز الداني الأندلسي. رسالة ماجستير.جامعة أم درمان الإسلامية : سودان.

35ـ نور ,عصام الدين يوسف أحمد .(2010) .الصورة الفنية في شعر أبي ريشة رسالة ماجستير.جامعة أم درمان الإسلامية : سودان.

36ـ نورة ,عامر .(2006) .التصورات الاجتماعية للعنف الرمزي من خلال الكتابات الجداري. رسالة ماجستير. جامعة الاخوة منتوري : قسنطينة . الجزائر.

37ـ يونس ,كريمة بو عامر .(2002) .الصورة في شعر السياب. رسالة ماجستير. جامعة جزائر .كلية الادب العربي و اللغات : الجزائر